چاپی یەکەم
٢٠٠٨

ژنان
و پاساوا

فرەژنی لە شەریعەتی ئیسلامدا

نووسینی

پارێزەران

عوسمان خوا پەحم احمد عدنان حمە شکور



42945

Preview sample - page 1 of 9 - Soran University Academic Digital Library

کتێب: فرەژنی لەنێوان شەریعەتی ئیسلامو یاسادا

ئامادەکردنی: عدنان حمه شکور * عوسمان خواڕەحم احمد

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

چاپ: چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن: ﴿١٣٩٦﴾ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی پێدراوە.

چاپخانە و ئۆفسێتی پەیڤ * صابونکەران * بازاڕی گۆیژە

Preview sample - page 2 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ژن ئەو پرسیارەیە کە (تەمەن)ی هەموو پیاوێك دروستی دەکات، بەڵام هەموو پیاوێك ناتوانێت وەڵامی ڕاستی ئەو پرسیارە بداتەوە وەڵامی ئەم پرسیارەش لەپیاوێکەوە بۆ پیاوێکی تر دەگۆڕێت .

هەندێ کەس زوو دەچن بەدەم ئەم پرسیارەوەو هەندێکی کە دەیانەوێت خۆیانی لێ قوتار بکەن .

هەر لەدروست بوونی ژیان لەسەر ئەم گۆی زەوی یە ئافرەت زەروەت وتەواو کەری پیاوبووەو هیچیان بێ ئەوی تریان نەیتوانیوە هەڵ بکات , تائەو ڕادەیەی کەدەتوانین بڵێین ئافرەت لەپیاوەو پیاویش لەئافرەت .واتە ئافرەتیش نیوەی مرۆڤایەتی پێك دێنێت هەربۆیە لەچاخەکانی مێژووەوە تائێستا بوونی هەرکەم وکورپەك لەم نیوەیەدا بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بخاتە بەردەم پرسیارو تەنگ وچەڵەمەوە . بەمەش دەبینین کەپەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە ناوبەناوو بەپێی گۆڕانکاریەکانی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە . ئەگەر چاوێك بگێڕین بەمێژووی ئەم دوو ڕەگەزەدا دەبینین کە ئافرەت وەك نمونەیەکی چەوساندنەوەو زۆرلێ کراوخۆی دەنوێنێت وهەمیشە بەپێچەوانەی سروشتی خۆیەوە لەلایەن پیاوەوە خوێنراوەتەوە ,ئەڵبەت ئەم پەیوەندیەش لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی ترو

Preview sample - page 3 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لەزەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی ترجیاوازی بووە . لەگەڵ ئەوەش
نەئافرەت توانیویەتی بەبێ بوونی پیاو هەست بەبونی خۆی بک
نەپیاویش توانیویەتی دەست بەرداری ئافرەت بێت !

ئەو شنە بایەی مۆمێك دەکوژێنێتەوە ، هەر ئەو شنە بایە
ئاگرێك خۆش دەکا . ئافرەت ئەو ئەفسانە ئەفسو ناویەی
کەبەگریان ئاگرێك دەکاتەوە یان ئاگرێك خاموش دەکات !..

بۆیە ئافرەت پووناکی دەبەخشێت بە ژیان ومانی ئەو پیاوەی
خۆشی دەوێت ودەیەوێت لەگەڵی دا بژی ، وەخەمناکیش دەبارێنێ
بەسەر ئەو پیاوەدا کە دەیڕەنجێنێت و لێ ی یاخی یە .

زۆرن ئەو واقیعە تالانەی کەئافرەتی هەڵوەدای خەمناکی ولادان
کردوەو لەبەرامبەر فاکتەرو دەرەنجامەکانیشیدا پیاو وەك
بەرپرسیارێك دەرکەوتووە.

یەکێك لەو دیاردە زۆر زەقانەی ئەمڕۆ لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا
دەبینرێت ، زیادبونێکی بەرچاوی ڕێژەی ئافرەتانی بێ میردو
کچانی قەیرەیە. دەکرێت ئەمەش لەدوو تەوەرەوە تەماشا بکەین
وقسەی لەسەر بکرێ . هەرچی یەکەمە ئەو مافەسروشتی یەی
هەموو مرۆڤێکە کەلە چوارچێوەی خێزانێك وهاوسەرداریدا خۆی
ببینێتەوە . دووەمیشیان دەرەنجامە خراپەکانی تەشەنە کردنی
ئەم دیاردەیە لەکۆمەڵگادا . هاوکات لەگەڵ ئەو فەزاسێکسی یەی
کەئەمڕۆ خولقاوە بۆ هەردوو ڕەگەزەکەی مرۆڤ .

Preview sample - page 4 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ئەم توێژینەوەیە قسە کردنە لە (فرەژنی) وەکو جۆرێک لەفۆرمەکانی هاوسەرداری . کەلەقۆناغە کانی مێژووەوە تا ئەمڕۆ مرۆڤ کەم تازۆر پەیڕەوی کردوەو لەزۆربەی ئایینەکان و لەئایینی ئیسلامیشدا جێی بۆکراوەتەوەو یاسای هەندێ لەوولاتە پۆژهەلاتی یەکانی ئەمڕۆش بەهەندیان وەرگرتووە .

بەوئومێدەی بتوانین دەروازەیەکی باش لەسەر ئەم مەسەلەیە والا کەین ولایەنە کۆمەلایەتی و زانستی وئەکادیمی وسروشتی یەکانی ئەم بابەتە بخەینە بەرچاو .

ئەم توێژینەوەیە هێندەی قسە کردنە لەواقیع وسروشتی مرۆڤەکان ... هێندە قسەکردن نی یە لەسەر فیکرو ئایدۆلۆژیاو چەمکە ئایینی یەکان . قسەکردنە لەسەر خەسڵەتە سروشتی یەکانی مرۆڤ ... قسەکردنە لەبەها مرۆڤایەتی یەکان ... قسەکردنە لەومافانەی کەنەبونیان یەکسانە بەنەبوونی مرۆڤ .. قسەکردنە لەسەر سێکس ومەوداکانی ودەرەنجامەکانی .

ئاوڕدانەوەیەکە لەئافرەتانی بەش مەینەت . ئەوئافرەتانەی کەوەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی مرۆڤن و خاوەنی غەریزە سروشتی یەکانی مرۆڤن . ئەوئافرەتانەی کەزۆر بەئاسانی دەکەونە بەرنەشتەروخەشم وقینی کۆمەڵگاو پیاوانێک کەتەنها لەپێناو چێژو دنیا گەرایی دا دەژین ..

Preview sample - page 5 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ئەبڕگەی سێیەمی ماددە شازدەهەمی جارنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە:

(خێزان ستوونی سروشتی و سەرەکی کۆمەڵگایەو مافی ئەوەی هەیە کۆمەڵ ودەوڵەت بەرگری وپشتیوانی لێ بکەن) . بەم پێودانگەبێت ئەرکی پارستنی خێزان دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵ وەکو تاك و دەزگا ناحکومیەکان، هەروەها دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت بەهەموو دامو دەزگا سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی و دادوەری وتەربەوی وتەنانەت ئیعلامیەکانیەوە .

لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین پاراستنی خێزان لەچ مەترسی و هەڕەشەیەك ؟ دیسان پاراستنی بەچ ئامرازومیکانیزمێك ؟ .

لێرەدا بەئەرکی خۆمانمان زانیوە کەئاوا بابەتێك بکەینە جێگەی تووێژینەوەو لێدوان کەئەمڕۆلەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوتە جێگەی سەرنج وتێڕامان،ئەوەتا ئافرەتێکی نووسەری وەکو (هیام درێك) لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کەگفتوگۆی لەگەڵدا دەکەن شانازی بەوەوە دەکات کەتوانیویەتی ببێتە سەرۆکی کۆمەڵێك بەناوی (کۆمەڵەی پارێزگاری کردن لەسیستمی فرەژنی).(برنامج للنساء فقط: ٢٠٠٢/١٠/٢٨ www. Aljazeera..net) لەکۆمەڵگای کوردیشدا قسەو گفتوگۆی زۆری لەسەر هەیەو دەتوانین بڵێین کەفاکتەرەکانی فەراهەم کردن وپراکتیزەکردنی ئەم سیستمە بوتە واقیعی حاڵ لەکۆمەڵگادا . لێرەدا حەزدەکەین پێشنیاری بەکێ

Preview sample - page 6 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لەوهاوڕێیانەمان تان بخەینە بەرچاو کەبۆی نووسیبوین . بەجۆرێ کەووتبوی (بابڕیاری پێش وەختتان لانەبێت بۆبابەتەکە ، بەڵکو توێژینەوەکەتان باڵەخزمەت ڕوون کردنەوەی ئەو تەمومژەدا بێت کەلەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە چونکە بەڕاستی بابەتەکە یەکێکە لەوکێشانەی کەتیەگەیشتنێکی زۆری لەسەرە).ئێمەش دەڵێین هیوادارین توانیبێتمان پێشنیاری ئەو هاوڕێ یەمان بەجێ گەیاند بێت.

هەربۆیە هەوڵمان داوە بۆگەڵاڵە کردن وزیاترکامڵ بوونی توێژینەوەکەشمان پشت بەچەندین سەرچاوەی جیاجیا ببەستین ، تابتوانین لەم بوارەدا بەردێك بخەینە سەر بەردێك و بەچاکیشمان زانی کەبەزمانی کوردی توێژینەوەکەمان دارێژین چونکە ئێستا کتێبخانەی کوردی لەم بوارەدا سەرچاوەیەکی زۆر کەمی تیادا دەبینرێت . کەئەمەش یەکێك بووە لەو تەنگو چەڵەمانەی کە بەرەو ڕوومان بۆتەوە بەهۆی وەرگێڕانی هەندێ زاراوە فیقهیی عەرەبی بۆسەر زمانی کوردی .

یەکێکی ترلەوکێشانەی کەبەرەو ڕوومان بووەوە لەهەوڵێکماندابوو بۆ کۆکردنەوەی ڕاپرسی یەکی هاوولاتیان لەسەر ئەم مەسەلەیە لەشێوەی چەند پرسیارێك دا کەبەداخەوە زۆربەی ئافرەتان وهەندێ لەپیاوانیش خۆیان لەپرسیارەکان دەدزیەوە جابەهەرهۆکارێکەوە بوو بێت .

Preview sample - page 7 of 9 - Soran University Academic Digital Library

بۆئەم مەبەستە توێژینەوەکەمان لەنێوان چوار بەندا دابەش کردووەو بەندی یەکەمیمان تەرخان کردووە بۆ لێدوان لەسەر سروشتی هاوسەرێتی کە بەشی یەکەمی بریتی یە لەپێناساندنی هاوسەرێتی وبەشی دووەمیش تەرخان کراوە بۆ حوکمەکانی هاوسەرێتی ولەبەشی سێیەمیشدا هەندێ لە حیکمەت وگرنگی یەکانی هاوسەرێتیمان خستۆتە ڕوو . هەرچی بەندی دووەمیشە دووبەش لەخۆ دەگرێت کەبەشی یەکەمی ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لەفرەهاوسەری وجۆرەکانی وەبەشی دووەمیش بریتی یەلەتیشک خستنە سەر چۆنیەتی پەیڕەو کردنی فرەژنی لەلای هەندێ لەگەلانی کۆنی پێش هاتنی ئایینی ئیسلام .

پاشان ووردترو قوولتر بوینەتەوە لەبابەتی باسەکەمان لەبەندی سێ یەمدا کەقسەکردنە لەفرەژنی لەڕوانگەی ئایینی ئیسلام و دەقە قورئانی یەکانەوە ئەمیشمان کردۆتە چوار بەش .لەبەشی یەکەمدا باس لەحوکمی فرەژنی دەکەین لەئیسلامداو مەوداکانی پیادەکردنی . وەهەروەها لەبەشی دووەمدا ئاماژە بەهەندێ لەفاکتەرەکانی هێشتنەوەی ئەم دیاردەیە دەکەین لەئایینی ئیسلامدا وڕێکخستنی وەک سیستمێکی هاوسەرێتی . هەر لەم بەندەدا ولەبەشی سێیەمیشدا بەپێویستمان زانیوە ڕاستیەکی شاراوە ئاشکرابکەین کەئەویش فرەژنی یەوەک مافێک لەبەرژەوەندی ئافرەت .

Preview sample - page 8 of 9 - Soran University Academic Digital Library

لـــەم ســـەرو بەنـــدەداو لەبەشـــی چوارەمیـــشدا ئاوڕێکمـــان لەودەرەنجامە خراپانـە داوەتـەوە کەلەبەرامبـەر نـەبوونی فرەژنیـدا دێنە بوون .

لەبەرامبـــەر ڕووە شـــەرعی یەکـــەی ئـــەم سیـــستمەدا لەبەنـــدی چـوارەمدا دەگـوزەرێن بـەلای هەندێ لـەو بۆچـون و گفتوگۆیانـەی هەندێ لەبیرمەندانی سەردەم وپاشان خستنە بەرچاوی هەڵوێستی یاســـادانەری تونـــسی لەســـەر فرەژنـــی وەک نموونەیـــەک بۆئـــەو یاســـادانەرانەی قەدەغـــەیان کـــردووە وەهەڵوێـــستی یاســـادانەری عێـــراقیش وەک یـــەکێک لـــەو یاســـادانەرانەی کەهەڵوێـــستێکی مـــام ناوەنـدیان نوانـدووە لـەم بارەیـەوە و پاشـان لێـدوان لەســـەر ئـــەو بڕگانـــەی هـــەموارکراون وهـــەوڵی هـــەموارکردنی زیـــاتری ئـــەدرێت ، لەگـــەڵ ئەوتێبینیانـــەمان کەهـــەمان بـــووە لەســـەری ، کەبەمـــەش کـــۆتایـــمان بەباسەکەمان هێناوە ..

Preview sample - page 9 of 9 - Soran University Academic Digital Library